کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 20:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆدەبێتەوە

کاتژمێر (10) ی سەرلەبەیانی رۆژی 2007/5/12، کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەسەر پەرشتی هاوڕێ قادر عەزیز سکرتێری گشتی حزب کۆبۆوە.



بارودۆخی کوردستان و عیراق و جێبەجێکردنی ماددەی (140) و بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی حزب لەم خاڵە سەرەکیانەبوون کە لەکۆبوونەوەکەدا تاوتێکران و بڕیاری پێویستیان لێوەرگیرا.

سەبارەت بەبارودۆخی عیراق، کۆبوونەوە پێی وابوو چەند مانگی داهاتوو چارەنووسسازە لەدیاریکردنی ئایندەی عیراقدا، کە بۆئەمەش دەبێ هەر لەئێستادا کورد خۆی بۆئەگەرەکانی ئەم ئایندەیە ئامادە بکات.

هەروەك کۆبوونەوە پێی وابوو بارودۆخی سیاسی و ئیداری و ئابووری و ئەمنییەتی کوردستان پێویستیان بەدیراسەتکردنێکی قووڵ و هەمەلایەنە هەیە بۆئەوەی چارەسەری بەکردەوەو گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

سەبارەت بەماددەی (140) یش کۆبونەوە نیگەرانی خۆی بۆئەوەی کەوێرای دواخستنی زۆری پرۆسەکە واخەریکە جارێکی تریش جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بەتایبەتیش گەڕانەوەی ئاوارەو ناردنەوەی عەرەبی هاوردە ئاستەنگ دەکرێنەوە، کەئەمەش جارێکی تر نیشانی دەدات کەحکومەتی بەغدا بەئەنقەست نایەوێ ماددەکە جێبەجێ بکات، لەبەرامبەردا کوردیش نابێ لەمەزیاتر کەمتەرخەم و بێ هەڵوێست بمێنێتەوە.

بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی حزبیش لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاری لێدراو بۆئامادەکاری بەستنی کۆنگرە لیژنەیەك بۆداڕشتنەوەی پەیڕەوو پرۆگرام پێکهات و مەکتەبی ڕێکخستن ڕاسپێردرا کە بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام و بەهاوکاری لقەکان نوێنەران بۆ بەشداری کۆنگرە دیاری بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.